
# کۆنفرانس لەسەر گەلکوژی لە سەرایڤۆ و هەندێ تێبینی

**شاخەوان شۆڕش**
20.07.2007




**سەرەتا بەرلەوەی بێمە سەر کۆنفرانسەکە، باشە بە کورتی ئەوە وەبیربهێنینەوە، کەوا گەلی بۆسنیا لە کۆتایی فێبریوەری ساڵی 1992 دا گشتپرسیان لەسەر سەربەخۆیی بۆسنیا و هەرزەگۆڤینا کرد، لەو گشتپرسیەدا دەنگیان بۆ جیابوونەوە لە یوگوسلاڤیا دا و سەربەخۆیی خۆیان ڕاگەیاند. نەتەوەیەکگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا دانیان بەو بڕیارە دانا. سربەکان کە خاوەنی سوپا و دەسەلات بوون دژی ئەو داواکارییە وەستان و هێرشیان کردە سەر بۆسنیەکان، کرواتیەکان کە لەژێرەوە لەگەڵ سربەکان لەسەر دابەشکردنی بۆسنیا لە نێوان خۆیاندا ڕێککەوتبوون، ئەوانیش دەستیان بە پاکتاوکردنی بۆسنیەکان لەو ناوچانەی کە لەژێر سەرنجیاندا بوو، کرد. بۆسنیەکان خاوەنی هێز نەبوون، تەنها 2 تانکیان هەبوو، چەک و تەقەمەنیان زۆر کەم بوو، لە بەرامبەردا هەموو سوپای کۆنی یوگوسلاڤیا کە بە دەهەمین هێزی ئەوروپا دادەندرا، لەژێر چنگی سربەکاندا بوو، بەڵام بۆسنیەکان لەسەر داوای خۆیان دانەبەزین و بەرگریان کرد، لە مارسی 1992 تا نۆڤەنبەری 1995 بۆسنیا لە ژێر جەنگدا ناڵاندی. تەنها سەرایڤۆ بۆ ماوەی 1200 ڕۆژ لەژێر تەقەدا بوو، زیاتر لە 10000 کەس کە 1500 یان منداڵ بوون لەو شارەدا کوژران، لە سرەبرەنیسیا 8000 کەسیان لەماوەی چەند ڕۆژێکدا بەکۆمەل کوژران، بەهەزاران ژنیان دەستدرێژیان کرایەسەر، بەلام بۆسنیەکان هەرگیز کۆڵیان نەدا. شایانی ئاماژەپێدانە هەرسێ لایەنی جەنگ واتە سرب، کرواتی و بۆسنیەکان هەریەکە و بەپێی خۆی پشکی لە تاوانکاریەکاندا هەیە، بۆیە بۆسنیەکانیش بێتاوانین نین.**
**ئێستا 12 ساڵ دوای جەنگ بۆسنیا لە بوژانەوەیەکی بەرچاو دایە، ئەگەرچی کێشەی نێوان بۆسنیەکان و کۆماری سربیا کە دوو یەکەی فیدرالین بەردەوامە و هاوکاری لە نێوانیاندا لاوازە.**

**ڕێکخراوی هاوکاری نێونەتەوەیی شارەزایانی گەلکوژی** (IAGS) The International Association of Genocide Scholers **کە ڕێکخراوێکە بۆ لێکۆڵینەوە و توێژینەوە لەسەر کۆمەڵکوژی و گەلکوژی دامەزراوە، لە 9 ی ژوڵای تا 14ی ژوڵای 2007 لە شاری سەرایڤۆ کۆنفرانسێکی گەورەی یەک هەفتەیی بۆ شارەزایانی گەلکوژی، نوسەر و هونەرمەندان ڕێکخست. گەلێ لە شارەزایانی ناسراوی بواری گەلکوژی لەم بۆنەیەدا بەشدار بوون. زیاتر لە 350 بابەت لە لایەن بەشدارانەوە لەسەر گەلکوژی لە ڕوانگە و بواری جیاوازەوە پێشکەش کران. لەم کۆنفرانسەدا زۆر**

لێکۆڵینەوەی گرنگ پێشکەشکران و بابەتی گرنگ خرانە بەر دوان و پرسیار. لە کۆنفرانسەکەدا هەندێ سەرنج و تێبینی لام گەڵالە بوون، بە پێویستی دەزانم لێرەدا هەروەستەیەکیان لەسەر بکەم.[1]

**هەوڵی بۆسنیەکان و ڕەخنەکانیان لە دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاریەکانی یوگوسلاڤیا** ICTY
کەسە بەشدارە بۆسنیەکان هەر لە لێکۆڵەرەکان و مامۆستای زانکۆ تا خوێندکار و هونەر و نوسەران، یەکدەنگیەک لە نێونیاندا لەسەر دۆزی گەلکوژی بۆسنیا و کارەساتەکانی و ڕەخنەکانیان بەدی دەکرا. دیارە زۆربەی ئەوانە هەستی ڕامیاری و ناسیونالیزم پێیانەوە دیاربوو، کە ئەو چەمکانە ئاساییە لە بواری گونجاودا هەبن، بەڵام لەبەر ئەوەی کۆنفرانسەکە ئەکادیمی بوو، بۆیە بوونی دەربڕینی هەستی ناسیونالیستانە و مەبەستی ڕامیاری لەگەڵ ئامانجی کۆنفرانسەکەدا نامۆ بوون. ئەوەش لە لایەن شارەزایانەوە تەبایی لەسەر هەبوو. لە ڕاستیدا زۆربەی دەربڕینەکانیان وێنەی جۆرە دیاردەیەکیان دەکرد کە لە جیهانی سێیەمدا بەگشتی باون. بە کورتی جیاکردنەوەی لێکۆڵینەوەی زانستی لەگەڵ پۆلیتیک و هەست و نەستی کەسیی کێشەی هەبوو.

**ڕەخنە لە دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاریەکانی یوگوسلاڤیا ICTY**: ئەو دادگایە لە ساڵی 1993 وە بۆ تاوانکاریەکانی وەکو تاوانی جەنگ، تاوان دژی مرۆڤایەتی و تاوانی گەلکوژی کە لە لایەن کەسانی سەر بە نەتەوەکانی سرب، کرواتی و بۆسنی ئەنجام دراوە، دامەزراوە. ئەو دادگایە دادگایەکی پرۆفیشناڵە و بە پێی ستانداردە نێونەتەوەییەکان و کانونی نێونەتەوەیی کاردەکات، کانون ناس و دادوەرەکانی سەربە نەتەوەکانی تێگلاوی جەنگ نین و سەر بە نەتەوە و وڵاتانی دیکەی جیهانن. ئەو دادگایە لە لایەن شارەزایان و وڵاتانی جیهانیدا دانپێندراوە، بەڵام دیارە جگە لە ڕەخنە لە کار و بڕیارەکانی دادگا، لە لایەن هەندێ لە نەتەوەی وەکو سرب خۆشەویست نییە و زۆر لە سربەکان دانی پێ نانێن.
ئەو دادگایە تائێستا بە سەدان لێکۆڵینەوە و بابەتی گرنگی لەسەر نوسراوە، کە وایکردووە کارەساتەکان و کەیسی دادگاییەکان بە بەرفراوانی بگاتە کۆمەڵگەکانی جیهان. تەنها لە کۆنفرانسەکەی سەرایڤۆدا 13 بابەتی لێکۆڵینەوەی جیاواز لەسەر ICTY هەبوو، 11 بابەت لەسەر دادگای نێونەتەوەی بۆ دادپەروەری ICJ هەبوو، کە هەموویان پەیوەندیان بەبڕیاری مەڕ تاوانەکانی بۆسنیا هەبوو. دیارە جگەلەوەی لەسەر کارەساتی بۆسنیا بە دەیان بابەتی دیکە هەبوون و لە گەلێ لەوانەشدا بڕیاری دادگاکە دەهاتە ناوەوە و پرسیار لەسەر دادگا دەوروژێندران. گەلێ بابەت لەسەر دادگای نێونەتەوەیی بۆ تاوانکاریەکانی ڕواندا ICTR بەهەمان شێوە هەبوون.

لە کۆنفرانسەکەدا بۆسنیەکان ڕەخنەی زۆریان لە دادگا هەبوو و تەباییەک لە نێوانیاندا لەمبارەیەوە تەواو دیار بوو. ڕەخنەکانیان بریتی بوون لە، یەکەم: دادگا بەڵگەنامەکان ئاشکراناکات. بەڵگەنامە کە تاوانی سرب یا کرواتیەکان دەسەلمێنێت. گوایە دادگا ئەو بەڵگەنامانەی لایە، بەڵام ئاشکرایان ناکات، ئەوەش لەبەرژەوەندی سرب و کرواتیەکان دایە. دووەم: دادگا هەموو تاوانکاران ناداتە دادگا، بەڵکو تەنها کەسانێکی کەم لە سەرکردەکان دادگایی دەکات. زۆر کەس هەن کە لە کوشتن بەشداریان کردووە و ناویان ئاشکرایە بەڵام دادگا نایەوێت بیانداتە دادگا.

**تیمی گەڕان بەدوای ونبووانی کارەساتی گەلکوژی**: بۆسنیەکان چاڵاکانە تیمی تایبەت و دامەزراوی تایبەت بە گەڕان بەدوای ونبوان و گۆڕی بەکۆمەڵ دامەزراندووە، زیاتر لە دەساڵە چاڵاکانە کێوبەکێو، ئەشکەوت، تونێل و دەشت و بان دەگەڕێن. ئەو تیمانە دەچنە ئەو شوێنانەش کە لەژێر دەستی سربەکان دان و لەوێش بەپێی توانا بەکاری خۆیان هەڵدەستن. تائێستا توانیویانە بە هەزاران تەرمی قوربانیان بدۆزنە، بەشێوەیەکی گونجاو توێژینەوەیان لەسەر بکەن و پاش تەواوبوونی لێکۆڵینەوە بۆ گۆڕستانە پەیوەستدارەکان شایستانە بیان بەن. دیارە دادگای ICTY و ڕێکخراوی UN یارمەتی و هاوکاریان دەکەن. لە ڕۆژی 11ی ژولای کە ساڵیادی گەلکوژیەکەی سرەبرەنیسایە، ئەو ڕۆژە نزیکەی 400 تەرمی دۆزراوە بە بەشداری خێزانی قوربانیەکان و بە هەزاران خەڵکی دیکە هێنرانە گۆڕستانی گەورەی

---

[1] دەتوانی سەیری بەرنامەی کۆنفرانسەکە لە ڕێگای ئەو لینکەوە بکەیت:
http://www.genocidescholars.org/blog/?page_id=3

سرەبرەنیسا. یەک لە دوای یەک ناوەی قوربانیەکان بەڕیز دەخویندرایەوە و بۆ گۆڕی دیاریکراو دەبردران. بۆنەی ناشتنەکە بە باشی ڕێکخرابوو و بەڕێکی بەڕێوەچوو.

**گوتن و گێڕانەوەی تراژیدیا و کارەساتەکان:** بۆسنیەکان دامەزراوی تایبەت بە گێرانەوەی کارەسات و تراژیدیاکان دامەزراندووە لەوانەی کە ڕاستەوخۆ کارەساتیان بەسەر هاتووە و ئەوانەی کەسی نزیکیان لەدەست داوە. ئەوانە ئەو ژنانەش دەگرێتەوە کە دەستدرێژیان کراوەتەسەر. هەندێ لەو ژنانە زۆر ئازایانە دێن و دوان لەسەر کارەساتەکانیان دەکەن و داوای دادپەروەری دەکەن. یەکێک لەو ژنانە کە سێ جار و لە سێ شوێنی جیاوازدا لە لایەن چەتنیە سربەکان دەستدرێژی کراوەتە سەر خۆی و کچەکەی، ئاماژەی بە شوێنی تاوانەکان کرد و کارەساتەکەی خۆی گێرایەوە، لەکۆتاییدا گوتی، "من لە گێرانەوەی ڕاستیەکان ناوەستم، دەیانگێرمەوە و دەیانگێرمەوە، تا دەگەمە دادپەروەری".

**کۆمەڵکوژی و گەلکوژی لە گەلی کورد لە بیری شارەزایاندا نەبوون**

ئەوەی جێگای سەرنج بوو، لەگەڵ ئەوەی بە سەدان شارەزا و نوسەر کە لە شوێنی جیاجیاوە هاتبوون، ئامادەی کۆنفرانسەکە بوون، بەڵام بابەتەکانیان هیچی پەیوەندی بە گەلکوژی و کارەساتەکانی گەلی کوردەوە نەبوو. ئەو بابەتانەی لە ئەگێندای جیهانیدا هەرمێنیان هەیە وەکو گەلکوژی هۆلۆکۆست، بۆسنیا، ئەرمێنیەکان، ڕواندا، کەمبۆدیا و دارفور ئەوانە لە کۆنفرانسەکەدا شوێنی دیاریان هەبوو. بابەتی جۆراوجۆر و لە ڕوانگەی جیاوازەوە لەسەر ئەو کارەساتانە هەبوون. بوونی ئەو دیاردەیە ئاماژە بە جۆرێ لە جۆرەکان بۆ هەندێ فاکتەر دەکات لەوانە بێئاگایی هەندێ لە شارەزایان لە کارەساتەکانی گەلی کورد؛ ناگرنگی گەلکوژی و کارەساتەکانی گەلی کورد کە وابکات سەرنجیان ڕابکێشێت؛ سوتانی کارەساتەکانی گەلی کورد لەگەڵ دیاردەی ئەنتی ئەمەریکانیزم بەجۆرێک لەبەر ئەوەی گەلی کورد هاوپەیمانی ئەمەریکا بووە، کاریگەری لەسەر کورد بە خراپی لەم ئاستەشدا کردووە؛ نەشارەزایی شارەزایان لە مێژووی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و کارەساتەکانیان.

گومان لەوەدا نییە شارەزایان هەموویان بێئاگانین لە کارەساتەکانی گەلی کورد، بەڵام ئەو کارەساتانە نەبوونەتە خانەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەوان، بەو واتایە ببنە بابەتێکی گرنگ کە وا بکات بەلای لێکۆڵینەوە ڕایانکێشێت.

دیارە بۆ گەلی کورد کارەساتی گەلکوژی ئەنفال کارەساتێکی جەرگبڕی کەموێنەیە، بەلام ئەو کارەساتە کەم وێنەیە لە ڕیکلامی کۆنفراسەکەدا وەکو ناوێک لە ڕیزی ناوەکانی تر شوێنی نەبوو. زۆر کەس نازانێ گەلکوژی نامیبیا کە لە ساڵی 1904 لە لایەن کۆلۆنیالیستە ئەڵمانەکانەوە روویدا چۆن بوو، یا زۆر کەس هەر ناوی ئەو کارەساتەی نەبیستووە، ناوی ئەو گەلکوژییە لە ڕیکلامەکەدا لە ڕیزی خوارەوەدا بەردەوام دووبارە دەکرایەوە، بەڵام گەلکوژی ئەنفال کە لەمێژ نییە ڕوویداوە و ئێستا دادگای ئێراق کاری لەسەر دەکات و بە گەلکوژی داناوە، ناوی لە هیچ شوێنێ دیار نەبوو. ئەوە جێگەی پرسیار بوو لە ڕاستیدا.

تێگەیشتن لە کارەساتی گەلکوژی بەگشتی و لە ئاستی بەراوردکاریدا بەتایبەتی کەلێنی هەیە، ئەگەر زانیاری لەسەر زۆر لە کارەساتە گونجاوەکان و تایبەتمەندیەکانیان نەبین. هەر گەلکوژییە تایبەتمەندی خۆی هەیە، بێگومان خاڵی هاوبەش و جیاواز لە نێوانیاندا هەیە، زانیاری زیاتر و بەرفراوانتری بواری بەروادکاری و پێکچواندن تێگەیشتن لە چەمکی گەلکوژی لەم بوارەدا دەوڵەمەندتر دەکات و یارمەتیدەرە بۆ دەرئەنجامی گونجاوتر. پێموایە تێگەیشتن لە گەلکوژی ئەرمەنیەکان تەواو نییە، ئەگەر لە پاکتاوی گریکەکان و ئاسوریەکان کە پێشتر ڕوویاندا نەگەین، بە هەمان شێوە ئەگەر لە کارەساتی کۆمەڵکوژی کوردەکان پێشتر و گەلکوژی دەرسیم دواتر نەگەین. ئەگەر تەنها سەیری بەشێک لە کارەساتەکان بکەین ئەنجامی لێکۆلینەوە تەنها لەو بەشە دەدوێت، زانیاری گرنگ کە پەیوەستدارن بە کارەساتەکانی دیکە و پەیوەندیان بەجۆرێ لەجۆرەکان بە بابەتی لێکۆڵینەوە هەیە، ناهێندرێنە بەرهەم و ئاماژەیان بۆ ناکرێت. جگەلەوەی دەکرێ لەم بارەدا ئەنجام تووشی هەلە و لاریش ببێت.

بەکورتی ئەوەی لەم کۆنفرانسەدا بیندرا، ئەوە دەسەڵمێنێت، کەوا کارەساتەکانی گەلی کورد و ئاستی بە جیهانیبوونیان لە ئاستێکی نزمدایە و پێویستی بە کار و هەوڵی هوشیارانەی زۆر هەیە.

**دادگای ئێراق و بڕیاری دادگا لەمەڕ گەلکوژی ئەنفال لە ئەگێندا نەبوون**

بابەتی زۆر لەسەر دادگا نێونەتەوەییەکان و بڕیارەکان هەبوون، دیبات لەسەریان بە بەردەوامی هەبوو، بەڵام دادگای ئێراق و بڕیارەکانی ئەو دادگایە بابەتیان لەسەر نەبوو و گرنگیان نەبوو. دادگای باڵای تاوانەکانی ئێراق ئێستا

لەکاردایە و بڕیاری لەسەر کارەساتی گەلکوژی ئەنفال داوە، کەچی جێگای گرنگی پێدانی کۆنفرانس نەبوو. دەکرێ گەلێ لێکدانەوە بۆ ئەو گرنگی پێنەدانە بکرێت، لەوانە ئەو دادگایە گومانی لەسەر هەیە و بە ڕەوا نابیندرێت یا دانی پێدا ناندرێت. من گومانم لە نارەوایی و لایەنگیری دادگای ئێراق نییە، چونکە دادگای ئیراق نە تەنها لە ئاستی ستانداردی کانونی جیهانیدا نییە، بەڵکو بۆ گەلی کورد نارەوایە و ناتوانێ لە ئاستی کارەساتەکانی گەلی کوردا بێت. بەلام ئەگەر ئەوهایە کەواتە بۆ دیبات و لێکۆڵینەوە گرنگە، بۆ ڕوونکردنەوەی هۆکارەکانی ئەو لاری و ناگونجاوییە دەکرا بابەت تەرخان بکرێت و پرسیار و دەمەتەقێ سازبکرێن. بەداخەوە ئەوەش نەکرا و جگەلە هەندێ پرسیار و وەڵامی کەم شتێکی تر بوونی نەبوو.
گەلێ جار لەخۆم دەپرسی، کە بۆسنیەکان هێندە لە دادگای نێونەتەوەیی ICTY بەگلەیین و هەندێ لە کار و هەنگاوەکانی بە نارەوا دەبینن، کە گومان لە پرۆفیشنالی دادگاکەدا نییە، باشە ئەگەر وەکو کوردیان لێکرابا و دادگاکەیان بدرابایە دەست زۆرینەی دادوەری سەر بە سربەکان و بە یاسای یوگوسلاڤی و بە تێرمی ئەوان بەڕێوەچووبایە، ئەوسا چیان دەگوت؟! گەلکوژی بۆسنیا بەهۆی ئەو دادگا نێونەتەوەییە بە گونجاوی بەجیهانی کراوە، ئەی ئەگەر وەکو کارەساتی ئەنفال لە چوارچێوەی وڵاتدا بهێشترایەتەوە؟ گومانم لەوەدا هەیە بۆسنیەکان هەرگیز لێگەڕابان وەکو کوردیان بەسەر بهێندرێت، چونکە یەنکدەنگیان لەسەر کارەساتەکانی خۆیان و هەڵوێستیان لە پارێزگاری بەرژەوەندی ناسیونالیستانەیان بەرامبەر سربەکان ئاماژە بە وریاییان دەکات.
لە ڕاستیدا ئەوەی لێرەدا دیار بوو، نەبوونی گرنگیی دادگای ئێراقی لەو کۆنفرانسەدا بوو، جگەلەوەی کە زۆر کەم لە شارەزایان لە هەموو کەموکورییەکانی دادگای ئێراقی ئاگادارن.

داننان بە تاوانی گەلکوژی هەمیشە کێشەیەکی کانونی دیارە و بابەتێکی کێشە لەسەرە، ئەوە سەبارەت بە گەلکوژی ئەرمەنیەکان، کەمبۆدیا، ئیندەسورەکانی ئەمەریکا، دارفور هتد. ئێستاش بەردەوامە، بەدەیان و سەدان بابەت لەسەر نکۆڵیکردنی تاوانی گەلکوژی نوسراوە و دەنوسرێت. وەکو ئاشکرایە دادگای ئێراقی لە ڕێکەوتی 24ی ژونی 2007 دا تاوانی ئەنفالی بە تاوانی گەلکوژی دانا، واتە تەنها 15 ڕۆژ بەر لە کۆنفرانسەکە ئەو بڕیارە درا، کەچی گرنگی پێنەدرا. لەبیرمە کاتێ کە دادگای ICTY لە ئەپریلی 2004 دا کوشتارەکەی سرەبرەنیسای بە گەلکوژی دانا، دەنگێکی گەورەی لە نێوان شارەزایاندا دایەوە و زۆری لەسەر گوترا، بەڵام ئەو بڕیارەی دادگای ئێراق نەیتوانی ئەوە بکات. دیسان دەبێ ئاماژە بەوە بکەینەوە، کە وایپێدەچی ئاست نزمی دادگا ئێراقیەکە و ڕەنگاوی بوونی دادگاکە بە پۆلیتیک و بەرژەوەندی تایبەت، وایکردووە، گرنگی بە بڕیارەکانی نەدرێت.
دیارە پرسیارێک لەسەر بڕیاری دادگای ئیراقی و دادن نان بە گەلکوژی ئەنفال و دانپێنان بەو بڕیارە لە لایەن دادگای نێونەتەوەییەوە ئاراستەی سەرۆکی داواکاری گشتی دادگای ICTY کارلا دیل پۆنتە Carla Del Ponte کرا، جێگرەگەی نۆرمان Norman F. وەڵامی دایەوە، ئەو ڕەخنەگرانە ئاماژەی بە چۆنیەتی دروستبوونی دادگاکە، خێرایی کەیسەکان و چۆنیەتی پرۆسەی دادگاییەکان کرد. بەڵام گوتی ئەگەر بسەڵمێندرێت کە پرۆسەی دادگاییەکە گونجاو بووە و لە ئاستی ستانداردە نێونەتەوەییەکاندا بووە، بیگومان دانێ پێدا دەندرێت.
جێگای وەبیرهێنانەوەیە میدیا جیهانیەکانیش جەختیان هەمیشە لەسەر بابەتی وروژێنەر کردووە وەکو هەڵواسینی سەدام یا سزای هەڵواسینی عەلی حەسەن مەجید، نەک کارەساتەکانی کە ئەو تاوانبارانە ئەنجامیان داوە، ئەو هەواڵانەش خێرا لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا بەسەرچووین. گەلکوژی ئەنفال تا ئێستا هەرگیز گرنگی خۆی لە ئاستی جیهانیدا نەدراوەتێ، ئەگەر ئاماژەی بۆ کرابێت، بەکورتی و بە کەموکورییەوە بووە.

لە کۆتاییدا پێویستە بگوترێت، دادگای ئێراقی و پێکهاتەکەی و ناوەڕۆکەکەی گومان و ڕەخنەی شارەزایانی لەسەر هەیە، جگەلەوەی لە ئاستی ستانداردە کانونیە نێونەتەوەییەکاندا نییە، ئەوەش کاردانەوەی نێگەتیڤی خۆی لەسەر کارەساتەکانی گەلی کوردا بە شێوەی جۆراوجۆر هەیە، هەروەکو لەو کۆنفرانسەدا سەبارەت بە گەلکوژی ئەنفال بیندرا. واتە گەلی کورد دووجار بۆتە قوربانی لە لایەک کراوەتە قوربانی دادگایەکی ناشیاو، لە لایەکی تر بە هۆی ئەو دادگا و پرۆسە ڕامیارییە ڕەنگاوییەی لە ئارادایە، گرنگیی پێویست بە کارەساتەکانی نادرێت و پشتی تێدەکرێت.

shaxewan@kadirshorsh.com
www.kadirshorsh.com